# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دوو ڕۆژی تایبەت کردبوو بۆ عائیشە، ڕۆژەکەی خۆی وڕۆژی سەودە

لە عائیشەوە دەڵێت: هیچ ئافرەتێکم نەبینیووە کە حەزم بکە لە ئەو بچم هێندەی سەودەی کچی زەمعە، ئافرەتێکی تێگەیشتوو ونەفس بەهێز بوو، کاتێک (سەودە) تەمەنی گەورە بوو، ڕۆژەکەی خۆی لەگەڵ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بەخشی بە عائیشە، (سەودە) ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ڕۆژەکەی خۆمم لەگەڵ تۆ بەخشی بە عائیشە، «بۆیە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دوو ڕۆژی تایبەت کردبوو بۆ عائیشە، ڕۆژەکەی خۆی وڕۆژی سەودە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

لە فەرموودەیەدا عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی سەودەی کچی زەمعە دەکات، ودەڵێت حەزی نەکردووە لە هیچ ئافرەتێک بچێت هێندەی سەودە چونکە تێگەیشتوو ونەفس بەهێز بوو. وهەروەها باسی ئەوە دەکات کاتێک (سەودە) تەمەنی گەورە بوو، وترسا لەوەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تەڵاقی بدات ولێی جیا ببێتەوە ئەگەرچیش هیچ ئاماژەیەک نەبوو بۆ ئەم باسە، بەڵام ویستی ئەم فەزڵ وڕێزداری وپلەیەی بۆ بمێنێتەوە وبۆ هەتاهەتایە خێزانی باشترین پێغەمبەر بێت -صلى الله عليه وسلم- ولە دایکانی ئیمانداران بێت، سەودە ووتی: من ڕۆژەکەی خۆم لە گەڵ تۆ ئەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بەخشی بە عائیشە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-یش ئەمەی قبوڵکرد، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دوو شەوی تایبەت کردبوو بۆ عائیشە، شەوەکەی خۆی وشەوەکەی سەودە.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee